هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
(( بەڕێوەبەرایەتی نوسینگەی سەرۆك ))

إقليم كوردستان/ العراق
مجلس القضاء
(( مديرية مكتب الرئيس ))

Judicial Council

ژمارە : ٢٨٠
ڕێکەوت : ١٦/ گولان/

Date : ٢٠١٥/٥/٧

## فەرمان

لە دانیشتنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری لە ڕۆژی ( ٥/ ٥ / ٢٠١٥ ) لەگەڵ کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و ڕێکخراوەکانی تایبەت بەم کەیسە لە ناوچەکانی گەرمیان و هەڵەبجە و بارزان .

لەسەر ڕۆشنایی داواکاری ئامادەبووان لەم دانیشتنە فراوانەی تایبەت بە دەستگیرکردن و دادگایی کردنی تۆمەتبارانی ئەم کەیسانە وە چەند داواکاری تر کەلە دانیشتنی ئەنجومەنی دادوەریدا دواتر سەیر دەکرێت

ئەم سەرۆکایەتیە بڕیاریدا بە :

١- جەخت کردنەوە لەسەر جێ بەجێکردنی یاداشتەکانی دەستگیرکردنی تۆمەتباران کەبە نووسراومان ژمارە ( ٩٤٣ لـە ٥ / ٥ / ٢٠١١ ) گشتاندنی پێکراوە بەسەر گشت دادگاکاندا وە کاری پێویست ئەنجام بدرێت و ئاگاداری ئەم سەرۆکایەتیە بکرێتەوە لە هۆی دواکەوتنی جێ بەجێ نەکردنی .

٢- ئەرکی داواکاری گشتیە کە بەدواداچوون بکات وە ڕێکاری یاسایی بگرێتە بەر لە کەم تەرخەمی لە جێ بەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا .

٣- لیژنەیەك پێك بێت لە ئەنجومەنی دادوەری بە نوێنەرایەتی هەریەك لە نوێنەری داواکاری گشتی و نوێنەری کەس و کاری ئەنفال کراوان و کیمیاباران کراوان لەسەر باسی نەمانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە بەغداد کە تایبەت بوو بەو کەیسانە .

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئه نجومەنـــی دادوەری
(( بەڕێوەبەرایەتی نوسینگەی سەرۆك ))

إقليم كوردستان/ العراق
مجـلـس القضـاء
(( مديرية مكتب الرئيس ))

ژمـــارە : ٢٧٠
ڕێکەوت : ١١/ گوڵان /
Date : ٢٠١٥/٥/٧

٤- لەبەر ئەوەی ئەم کەیسە بابەتێکی نیشتمانیە پێویستی بە پاڵپشتی تێکڕایی هەموو دام و دەزگاکان هەیە وە لەبەر ئەوەی تەنها ئەرکی ئەنجومەنی دادوەری نیە بۆیە جەخت لە پشتیوانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران دەکەین .

أحمد عبدالله زبير
سـەرۆکی ئـەنجومـەنی دادوەری

وێنەیەك بۆ /

- سەرۆکایەتی هەرێم / بفەرموون ...... لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان / بفەرموون ...... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / بفەرموون ...... لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی ناوخۆ
- وەزارەتی داد
- وەزارەتی شەهیدان وئەنفال کراوەکان

} بفەرموون بۆ کاری پێویست. ..... لەگەڵ ڕێزدا

- سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی ( هەولێر ، سلێمانی ، دهۆك ، کەرکوك / گەرمیان ) / بۆ کاری پێویست .... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی / بۆ کاری پێویست .... لەگەڵ ڕێزدا .
- دۆسیەی تایبەت .
- دۆسیەی خولاو .